# ئەرێ ئەوە ئاوارەکانی کەرکووک بۆ ناگەڕێننەوە!

سیروان کاروانی



بەڕاستی کە سەیرە. ئێستا بارودۆخی کوردستان و عێراق پاش کۆتاییهاتنی ڕژێمی بەعس وەک ئەوە وایە کە تازە سرووشت لەوێدا لەدایک بووبێ و خۆر لەسەر ئەو خاکەدا هەڵبێ، کەچی بۆ ئاوارەکانی کەرکووک و دەڤەرەکەی هەمان سەرگوزشتەی جارانە و جگە لەوە هەست بە شتێکی تازەتر ناکرێت.

لە خوارووی ئەم نیشتیمانەدا، لەبەر ململانێی سیاسی و هەوڵی فراوانکردنەوەی دەسەڵات، ئەوەندە گرنگی بە گەڕاندنەوەی ئاوارەکان نادرێت بۆ سەر ملکوماڵی خۆیان و ئەوەندەش کار بۆ بووژاندنەوەی سرووشتی جوانی کوردستانێکی دەوڵەمەند بە ڕەنگی جوان، ناکرێت. ئەمە نە لە لایەن پارتە کوردییەکانەوە شتێکی بەرچاوی بۆ دەکرێت، نە لە لایەن هاوپەیمانانەوە هەنگاوێکی بۆ دەنرێت و بودجەیەکی هەر لەسەر دەخلی خۆی بۆ تەرخان دەکرێت. دیارە ئەمە هەر ناوچەی کەرکووک ناگرێتەوە، بەڵکوو سنوورێکی بەرینی شاری مووسڵیش دەگرێتەوە، کە بە عەرەبکردن لەوێوە واتە بەر لە ناوچەکانی تر سەریهەڵدا.

ڕاستییەکەی، نەدەبوو ئێستا کە ماوەیەک بەسەر ئەو بارودۆخە نوێیەدا تێپەڕیوە، بەردەقارەمان و دارەتوو و زێڕینۆک و ئۆردووگاو ناوچەکانی تر پڕ بن لە خەڵکی ئاوارەی کەرکووک و دەوروبەرەکەی.

چاکترین هەنگاوێک کە دەبووایە لایەنی سیاسیی کوردی زۆر بە خێرایی پێی هەڵبستایەن، ئەوە بوو هەوڵیان بدایە ڕێژەی خەڵکی کورد لە شاری کەرکووکدا زیاد بکەنەوە و، دیارە ئەمەش خۆی لە کارئاسانی بۆ گەڕاندنەوەی ئاوارەکاندا دەبینێتەوە. بەم شێوەیە خزمەتێکیان بەو خەڵکە لێقەوماوە و تەواوی دۆزی کورد دەکرد و، هەروەها لایەنگریی خۆشیان لەناو خەڵکەکەدا زیاد دەکرد.

ئەگەر بێت و ئەو خەڵکە کۆمەکی ئابووریش نەکرێن، خۆ دەکرێ تەنها ملکوماڵی خۆیان پێ بدرێتەوە کە لەژێر گووشاری بەعس لێیان داگیر دەکرا و بە عەرەبە کۆچەرییەکان دەدرا.

هەر بۆ نموونە لە جیاتیی ئەوەی ئەو خەڵکە پەرێشانەی کەرکووک لە دەرەوەی شارەکانی هەولێر، سلێمانی و شوێنەکانی تردا بکەون بە چاوەڕوانیی ڕۆژێک کە دیار

نییە، دەکرا لە دارەمانی نزیک کەرکووک-دا شوێنێکی گەورە بۆ گوزەرانی بەشێکی زۆر لەو خەڵکە دابین بکرێ.

لەو کاتەدا سوودێکی گەورەی هەمەلایەنەی دەبوو. خەڵکەکە زۆر بە ئاسانی دەستیان بەناو شاری کەرکووک ڕادەگەیشت و هەروەک لە دەرەوەی شار خەریکی ئاوەدانکردنەوە و کشتوکاڵ و کاسبی تر دەبوون، لەناو شاریش شوێندەستێکیان لە بنیاتنانەوە دیار دەبوو. بەم شێوەیەش هێڵی پەوەندییان بە داهاتووی شارەکەوە بەهێزتر دەبوو. بەو هیوایەی زۆر بە زوویی بیرێکی لێ بکرێتەوە.